ئۆسكار كۆكۆشا

# جەمسەری سێیەمی قوتابخانەی ڤییەننای شێوەكاریی

عەبدولڕەزاق عەكاشە
و: ئاكۆ عەبدوڵلا


ئۆسكار كۆكۆشا

گەر جۆستاف كلیمت بەجەمسەری یەكەم و كۆڵەگەیەكی بەهێزی قوتابخانەی نوێی ڤییەننا دابنرێت كە بەهۆی ئامادەكردنی هۆڵ یان كۆشك بۆ پێشەنگا هونەری ئیمپراتۆرییەتی گواستنەوە دنیا، بەشداری لە پێشانگاكانی پاریس و رۆما و پێناڵی زوو ڤییەنناش كرد، ئایگۆن شیلیش بەجەمسەرەكەی دی هەمان قوتابخانە دەبینرێت، ئەمیشیان بەرگری لەسەربەستی هونەرمەندو پشتیوانی لە بنەماكانی ئازادی كرد، تەنانەت لە كاتی زیندانیبوونیشدا كە (٢٤رۆژ لە بەندیخانەی بەسەربرد، لەبەر كێشەی نیگاری رووتی قەدەغەكراو لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی نەمسادا) ئەوە كۆشكاش بەجەمسەری سێیەم و كۆڵەگەیەكی تۆكمەتری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت و هەڵگری پەیامی نوێكاریشە.

دوو جەمسەرەکەی دیکە هەردووکیان تەمەنیان کورت بوو، لەوساڵەی کەوا ئیمپراتۆرییەتی گەورەی نەمسا لەبارییەک هەڵوەشا، واتا ١٩١٨ ئەوانیش کۆچی دواییان کرد، بەمەش بەرزکردنەوەی ئاڵای قوتابخانە کە کەوتە سەر کۆکۆشکای جەمسەری سێیەم، کە ئەو ٩٨ساڵ ژیاو تێیدا رووداوی وەها نامۆی بینی کە هیچ هونەرمەندێکی دیکە نەیدەبینی.

ئۆسکار کۆکۆشکا لە رێکەوتی ١/مارس/١٨٨٦ لە خێزانێکی کەمدەرامەتی شارۆچکەی (بۆش لان)ی سەر کەناری دانۆبی نزیک ڤییەننای پایتەخت هاتۆتەدنیا، لەگەڵ ئەوەی باوکی دەستکورت بوو، بەڵام زۆر شادمان بوو بەوەی کەوا ئەم کورەی لە دواناوەندی پلەی بەرزی بەدەستهێنا، ئەوسا ئۆسکاریش خەونی بەوەوە دەبینی کە لە بواری کیمیادا بخوێنێ، بەڵام خوێندن لە کۆلیژی زانستەکان خەرجییەکی زۆری پێدەویست و هەڵسوڕانی ئاسان نەبوو.. لەبەرئەوەی پاداشتێکی بچووکیشی لەپای سەرکەوتنی دواناوەندی پێبەخشرابوو، بۆیە رووی لە خوێندنی هونەری پراکتیکەکردن دەکا و لە ساڵی ١٩٠٥یش بۆ یەکەمین جار بەکلیمێنتی گەورەی بەناوبانگترین هونەرمەندی ئەوسای نەمسا گەیشت کە ململانێی تایبەت لە دژی ئەکادیمیا و تەعبیرییەتی ئەم وڵاتەدا دەکرد. دواتر بەمەبەستی یارمەتیدانی کەسوکاری روو لەخوێندنی زانکۆ دەکات، بەڵام ئەمجارەش هەژاری و چارەنووس خەونەکانی لێدەپچڕێنن و لە ساڵی ١٩٠٩ بەدڵێکی پڕ لە غەمەوە بەجێیدەهێڵێ، جا ئەوەش یەکەم هەژین و لەرینەوەبوو لە ژیانیدا.

شیلی و کۆکۆشکا تازە لاو بوون کلیمت یان بەهونەری نوێ لە ئیمپراتۆرییەت دادەنا، ئەویش بەکۆکۆشکا سەرسام بوو. لە ساڵی ١٩٠٨ داوای لێکرد بەشداری لە پێشانگای یەکەمی کۆمەڵەی دەستکێشاوەکان بکا، هەرچەندە کۆکۆشکا ئەوسا تەمەنی ٢٢ساڵ بوو، کەچی بەکارە هونەرییەکانی کاریگەرییەکی زۆری لە بینەران کرد. هاوکات چەند ئەندازیارێکی هێڵەکانی شەمەندەفەریشی ناسی، کە ئەوسا کاری ئەمانە گەلێک گرینگ بوو، چونکە لە گەورەترین دامەزراو کە هێڵی گەورەی ئاسنی نەمسا بوو کاریان دەکرد، یەکێک لەمانە تابلۆیەکی کۆکۆشکای دەسکەوت کە (ئارنست رۆڵد، برادەرە هونەرمەندەکەم)ی ناو، کۆکۆشکا لەم کارەیدا روخسارێکی دی بەدیار خستووە کە رووی لە رۆشنبیرو نووسەرانە، هەر کە جەماوەریش لێیان دەپرسی بۆچی چوار پەنجەی بۆ دەستی ئارنست کێشاوە، لەبەردەمیان دەیگوت: « من تێدەکۆشم بۆ کێشانی هزرو سۆز و هۆش و هەستەکانی مرۆڤ، ئەوە هەرگیز گرنگ نییە لە لام کەوا پێنج پەنجە بکێشم یاخود دوو پێ، یان دوو دەست» ئەم وەڵامەش بەلای کلیمتەوە گەلێک جوان و مایەی سەرسامی بوو. لە ساڵی ١٩١٠ کۆکۆشکا بە خاتوو (ئەلمامایەر)ی بێوەژنی (کۆستۆف مایەری) گەورە مۆسیقاکاری نەمسا گەیشت و لەرووی خۆشەویستییەوە تەواو هۆگری بوو، هەر لەم ساڵەشدا یەکەم شانۆنامەی بەناوی (ئەبولهەول، خەیاڵی وێڵ) نووسی و پێشکەشی کرد، بەڵام چیرۆکی نێوانیان بەخێرایی گەیشتە کۆتایی، لە ساڵی ١٩١٤ زیاتر پێگەیشت و بەکێشەکانی مرۆڤیش زیاتر هەستیاربوو، هەروەک ئەوەی تەنیا هەست بەوە نەکات کەوا ئەمساڵ، ساڵی ماڵئاواییەو دەست لە یەکبەردانی خۆشەویستەکەی بێت، بەڵکو ساڵێکیشە کە گۆڕانکاری نێو دەوڵەتی تێدا روویدات. ئەمەشی لەو نیگارە بەدیارخست کە ئەوسا دەیکێشان و کلیمتی مامۆستاشی بێزاربوونی لەناویاندا دەبینی. کۆکۆشکا و شیلی هاوڕێی لەم رەفتارەیان ناحەق نەبوون، چونکە بارودۆخەکە گرژ و ترسناکبوون، کلیمتیش پرۆژەکەی خۆی کە تایبەت بوو بەکێشانی چەندان تابلۆی جوان رەتکردەوەو رووەو نیگارخانەکانی ئەم دوو قوتابییەی چوو هەمان دەربڕینیشی لەوانەوە وەرگرت. بەم جۆرە هەر سێکیان لە تاکە پرۆژەیەکدا کەوتنە کار کە مرۆڤە. لەمانەش گرینگتر بریتیبوو لە

سادەیی کلیمت و بڕوابوونیشی بەوەی کە کۆکۆشکای قوتابی و هاوڕێی نەک تەنیا هەر هونەرمەندە، بەڵکو هزرمەندیشە. لەناو ئەم بارودۆخە گرژییەی جیهانییەدا دوای چوار ساڵ خۆشەویستی کە عیشق و شەیدای تێنوێتی کۆکۆشکا گەلێک بەهێز بوو. پەیوەندییان تێکدەچێت. هونەرمەند ئەوماڵئاواییە جوانە لە تابلۆیەکی گەورەی (٨.٢)مەتری بەناوی (دلبەر لە گەردەلوول)دا بەرجەستە دەکا. کە بەیەکێک لە تابلۆ نایابەکانی دادەنرێت و کاریگەری ڤانکوخی بەسەرەوە دیارە، لەوانە هێڵی سەخت و کاریگەرو وەشاندنی تیژ. لەم تابلۆیەدا نێوانی یاخیبوون و خەونی کۆکردۆتەوەو لەدواوەی ڕەنگی سارد لەتەک ڕەنگی گەرم و ورووژێنەر بەدیارخستووە، هەر بۆیەش هەندێک بەرکەوتەی سوورە، کەمێکیشی لە زەردی لە تەک سپی داناوە، بەڵام ڕەنگەکانی بەکاریهێناون راستەوخۆن و لەسەر پاڵێیت تێکەڵاو نەکراون، چونکە دەیەویست تابلۆیەک بکێشێ کە هەست و سۆزە بەرزەکان و خەفەتەزۆرەکان کە لەپای دوورکەوتنەوەی (ئەلمامایەر)ی دلبەری هاتبووە کایە بگرێتەخۆ. ئەم تابلۆیە زۆر نزیکە لە تابلۆی (کێڵگە گەنم) ی ڤان کوخ لەڕووی ڕەنگکردنیشەوە بەتابلۆی (کڵێسا) دەچێت. بەهۆی سەرسامبوونی شیلیی هاوڕێشی، ئەم کارەی بەڕەنگێکی دی کێشایەوە، بەڵام بەهەمان ئازارو خەفەتبارییەوە، ئەوان لە هەستەوەری بارودۆخی گشتی و ترس لەدوارۆژ هاوڕێی یەکبوون. لە تابلۆی (ئەلمامایەر) بارودۆخی ئەوسای وڵاتەکەی لە شێوەی دلبەرێکدا بەرجەستەیە.لەمەدا کۆکۆشکا شێوازی ڕەنگکردنی لە قوتابخانەیەکی تەعبیری جیا لەوەی کە هونەرمەندانی دیکە و مامۆستا ئەکادیمییەکان وێنەیان پێدەکێشا دادەمەزرێنێ کە ئەوان راستەوخۆ تەعبیرییان دەکێشا.

کاتێک کە جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا پێشبینی کۆکۆشکا و دوو هونەرمەندەکەی دی راست دەرچوو. کۆکۆشکا لایەنگیری تەواوی کێشەکانی مرۆڤی کردو وەک خۆبەختکەریش چووە ناو جەنگ، تا لە سنووری وڵاتەکەی دەپێکێت و دوای چارەسەرکردنیش غەمگینانە دەگەڕێتەوە، بەدەم ئازاری برینەکانیشی هەم دژایەتی نازییەکان دەکاو هەمیش چیرۆکی خۆشەویستی لەگەڵ خاتوو (ئەلما) دێنێتەوە یاد، لە ساڵی ١٩١٧ش داوا لە داڕێژێکی جلوبەرگ دەکا، بووکێکی دەستکردی گەورەی بەقەدوباڵای ئەو ئامادە بکا، کە لە ساڵی ١٩١٩ زۆر تابلۆ روخساری ئەم بووکەی کێشا. لە ساڵی ١٩١٨ هەردوو هاوڕێ هونەرمەندەکەی کۆچی دواییان کردو ئیمپراتۆریەتی وڵاتیش لەبار یەک دەرهات، لە ئەنجامدا ماوەیەک بەپەستی و تلانەوە لە ئازار بەسەردەبا، تا لە ساڵی ١٩١٩ بە(ماریا ریکلە)ی شاعیر دەگات، کە ئەمیان قەرەبووی مردنی هاوڕێیەکانی دەکاتەوەو دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر ئازارەکانیشیدا و لەبەردەوامبوونیشی لە نیگارکێشان و نووسینەوە، لە ئەنجامیشدا شانۆنامەی دووەمی بەناوی (ئورڤیە) دەنووسێت و تابلۆگەلی وەهاش دەکێشێ کە ڕەنگیان بەهێزو لێدانیشیان توندو ڕووبەری سەوزو شینیان وەهابێت کە لەژێر سەزیدا بپوکێنەوە. ئینجا لەشوێن ئەوەی وەک پێشتر ڕەنگەکان راستەوخۆ لەسەر تابلۆ دابنێ دەستی کرد بەتێکەڵکردنیان لەسەر پاڵێت. دەیەویست جارێکی دی بەدوای نوێکاری بیری ڕەنگی و دانانیان لەشوێنی جیاوازدا بگەڕێت، بەجۆرێکی وەها کە بینەر پێشتر بەرچاوی نەکەوتبێت، شینی تۆخی، یان نەوتاوی لەشوێن سێبەر لەسەر ڕووی مرۆڤ دادەنا، لە بوێرەیەکی نوێشدا سپی لەشوێن ڕووناکی دانا، لەسەر جەستەی مرۆڤیشدا ڕەنگی سوور شوێن سێبەر وەهی زەردیش شوێنی روناکی زۆری گرتەوە. زۆر جاریش لەبەر کاریگەری «گۆگان» ڕەنگی پرتەقاڵی بۆ پێست زیاد دەکرد. سەردانی پاریسی کرد و گۆگان و ڤان کوخ و تۆلۆز لۆژیک و وەحشیگەراییەکانی بینی * وەبە هەر هەمووشیان سەرسام بوو و تێکەڵی ئاسۆ ڕۆشەنبیرییە فراوانەکەی خۆی کردن. لە ساڵی ١٩١٩تابلۆیەکی

کێشا کە بەگرنگترین بەرهەمەکانی ئەم ماوەیەی دادەنرێت و تێیدا ئافرەتێک لەسەر قەنەفە دانیشتووەو دەستەکانیشی لەسەر سەری داناوە، مەمکە رووتەکانیشی لە بارودۆخێکی خەماویدا بۆ رێبێوان و هاموشۆکەران خستۆتەروو، هەرچەندە بەرەنگی سەوزو شین پڕکراوە، بەڵام بەدیارخستنی سینەو مەمک دۆخێکی پڕ لە ئازار دەردەبڕن بەتایبەتی دوای ئەوەی بەدوو دیمەنی دی تابلۆیەکەی تەواوکردووە. کە یەکەمیان هی (ئەبولهەول)ی میسرە کە هێمایە بۆ کپی و بێدەنگی، کەچی بەرەو پێیەکانی ئافرەتەکە ئارەزووبازانە نزیکدەبنەوە، واتە ئەبولهەول هێمای بێدەنگیش هەوڵی ئەوە دەدا بەجەستەی نەمسا بگات کە لە تافی رووتیدایە.. نیگارەکەی دیکەشی هی ئاژەڵێکی بچووکە (مشک) و لەسەر سینە رووتەکەدا دەلاوێتەوە. هەروەک ئەوەی بارودۆخی ئەم وڵاتە دوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتەکەی توانای نانبەخشینی هیچ کەسێکی نەمابێ. تەنانەت هی مشکێکی بچووکیش، کۆکۆشکا ئامانجەکەی خۆی لەم تابلۆیە بەوە بەکۆتا دەگەیەنێت کەوا وێنەی چەندان منداڵ و بووکە شووشەو شتی دی بکێشێ، بەڵام گرنگترین تابلۆی لە ساڵی ١٩٢٥ هی کچۆڵەیەکە کە لەسەر لێواری دەریا یاری بەکۆترەی نێودەستەکانی دەکا کە لە هەوڵی خۆدەربازکردندایەو لەژێرەوەیشیدا سەگێک لەنێو وەشاندنی رەنگی توند بزربووە. ئەم کارە تا ئاستێکی زۆر بەهێ وەحشیگەراییەکان دەچێت، بەڵام زۆر حاڵەتی لەژێر رووی تاکە رەنگێک چڕکردۆتەوە، هەروەک سەگەکە ئاژەڵێکی ماڵییەو، ئەو تاشەبەردەی کچۆڵەکە لەسەریدا دانیشتووە وەک ئاژەڵێکی دڕندە وایەو دەمی کردۆتەوەو چاوەکانیشی لەچاوەڕوانی نیچیر گرتووە.. بەمەش لە یەک کاتدا دوو دۆخمان پێشکەش دەکات (دڵەڕاوکە لەگەڵ ترس) و (بێدەنگی لەگەڵ خەون) بەهۆی رەنگەکانیش شێوە کێشراوەکانی دیارکردووە. ئەم دۆخە دڵەڕاوکە نوێیە هەستەوەری بەترس و تۆقین لە دوارۆژ هەڵدەگەرێت. ئەو وەک هونەرمەندێک هەستی بەو دڵەڕاوکەیە دەکرد.

هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی جیهانی جارێکی دی راستی هەستەکانی هونەرمەندیان سەلماند. لەو پێشانگایەی کە لە گەلەریی میونخی ئەڵمانی سازیدا وەک رێزلێنان چەند تابلۆیەکی دوو هونەرمەندە هاورێیەکەشی هەڵواسی، مەبەستی سەرەکی لەم پێشانگایەشی بریتیبوو لە راگەیاندنی پێشبینی هونەرمەندانە بۆ داهاتووی ترسناک و راکردن لە نەمسا بەرەو پراگ. لە دژایەتیکردنی نازییەکاندا تا دەهات زیاتر پێی دادەگرت، بەڵام بەچەک نا، هەروەک لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا پەنای بۆ برد، بەڵکو بەهونەرو هزرو نووسین چەند وێنەیەکی لە پەرتووکێک دژی نازییەکان کێشا، لەبەرامبەردا هیتلەر بڕیاریدا دەست بەسەر هەموو نیگارو نووسراوەکانی لەت ئەڵمانیاو نەمسادا بگرێت، کە ٤١٧ تابلۆو نیگاری نێو پەرتووک بوون، لەپڕ کۆکۆشکا خۆی لەشاری پراگ مەلاسدا، بەڵام ئەفیشای گەورەی دژبەجەنگی ناوخۆی ئیسپانیا و دژ بە فرانکۆی دەکێشا، کە لەسەریدا نووسبووی : «دژی جەنگی ناوخۆ یارمەتی منداڵانی باسک بدەن»

لە درێژەی ئەم هەڵوێستەیدا دوو تابلۆی زیاتر ترسناکتری دژی نازییەکان کێشا، یەکەمیان بۆ (گارسیا لۆرکا)ی شاعیری ئیسپانی و ئەویدیکەشیان بۆ یەک لە گەورە سەرکردەکانی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی ئیسپانی بوو کە خاتوو «باسیوناریا ئەلست»ی ناوبوو، بەمەش نازییەکان بڕیاری گەڕان بەدوایدا دەرکرد، ئەویش سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٨ بۆ تونس رایکرد، دواتر بەرەو مەغریب و جەزائیر و میسر و فەلەستین و تورکیا تا گەیشتە پاریس لەوێشەوە بەرەو چیکۆسلۆڤاکیای ئەو سەردەمە، لەوێدا بەخاتوو (ئاولدا بلۆکفسکا) دەگا و ئەویش وەک هاورێیەک و خۆشەویستێک لە ژیانیدا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت. لەبارودۆخێکی ئاوا سەختیش کەدەیزانی نازییەکان بەدوای ئەودا دەگەڕێن، شووی پێدەکا و دەبێتە مایەی خەمڕەوێن و یارمەتیدەری، ئەمەو لە تاراوگەری

پراگیشدا کۆکۆشکا چیرۆکی ژیانی لە پەرتووکێک تۆمارکرد بەناوی (زامداربوو».

لەسەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو نازییەکان هەوڵی ئەوەیان دا کەوا کۆکۆشکا بکوژن، خاوەنی ئەو گەلەرییەشیان لە میونخ گرت کە ئەو پێشانگای تێدا دەکردەوە. دۆخەکە ئاڵۆزبوو، خۆی و ژنەکەی بەرەو هەرەس دەچوون، لە شەوێکدا بەبێ ئەوەی پارە یان تابلۆ یان لەتە نانێکیان پێبێت سواری شەمەندەفەر بوون بەرەو لەندەن رایانکرد و سەرسوڕمانانەش گەیشتنە ئەو شارە، هێندەی پێنەچوو هەڵسا بەپێکهێنانی کۆمەڵەیەکی هزری هونەری لەژێر ناوێکی گەورە کە «کۆمەڵەی قسەکردن بەزمانی ئەڵمانی بۆ رۆشنبیری و هزری یەکگرتوو»ی پێدەوترێت. ئەمەو دەستی بەنیگارکێشان کردەوە کە بە قورسی ئەزموون چووبوو، هەموو هەستە بێزارو قین تێزاوەکانیشی دژ بەنازییەکان دەربڕی.

لە ساڵی ١٩٤٣ پێشەنگایەکی بەنرخێکی زۆر فرۆشت، کە بەشێک لە پارەکەی بۆ منداڵان و دانیشتوانی شاری (ستالینگراد)ی سۆڤیەت نارد، چونکە ئەوسا بەرەوڕووی نازییە دڕندە شاڵاوکەرەکان وەستابوون، کاریگەری ئەم پێشەنگایەی پشتبەستووبوو بەچەندان دیمەنی راستەوخۆو تەعبیری بەهێز کە بەبڕێکی زۆر لە دڵەڕاوکەو تۆقاندن بارگاوی کرابوون، لەوانە تابلۆی ئاژەڵێکی دڕندە کە بەبێ ئەوەی سەد دەرسەد شێوەکەی دیاری بکا شاڵاوی بێ وەستان دەهێنێ، ئەو ئاژەڵە شێرە، هەروەک ئەوەی شێرە ئاگرینەبێت، کە دەیەوێ چوارچێوەی تابلۆش ببڕێت و پەلاماری بینەریش دات. یان ئەو تابلۆیەی کە لە ساڵی ١٩٤٢ کێشای بۆ ئافرەتێک کە ئابڕووی ئەو نازییانە دەبات کەوا لەتەک تابلۆیەکدا وەستاوە بەسەرنج رفاندنی کڕیارانە دەڕوانێتە لە شولارە رووتەکەی. لە کلتێکدا کەوا بەدوای سەربەستی و هیزادا وێڵە، لەمەشیان جیاوازی نێو سەربازی نازی و دیدی ئافرەت بۆ ئاییندە بەدیاردەخات.

بەڵام گرنگترین کاری ئەم قۆناغەی بریتییە لە پۆرتریتێکی تایبەت بەخۆی کە ئەمەشیانی لە ساڵی ١٩٤٢کێشابوو، کە لەناوەندی تابلۆیەکە دیدی وەها هەڵگرتووە کە دیواری تابلۆکە ببڕن و هەموو هەستەکان رووبەڕووبوونەوەو زامداری بەبینەر بگەیەنن، هونەرمەند بەو گۆپاڵەی کەوا بەدەستییەوەی گرتووە داکۆکی لە هێزی رووبەڕووبوونەوە دەکا، ئەو گۆپاڵێکی بەهێزی لەنێو دەستەکانیدایە، کە تابلۆیەکە بەشێوەیەکی سێگۆشە بنکە هەرەمی لەت دەکات، تاکو لە هێزی بینای شێوەکێشراو دڵنیابن. ئەم تابلۆیە جاڕدانی تەواوی ژیانی ئەم پیاوە سەردەمەیە، کە درامای ئامادەبوونی لە کارە کۆنەکانی رەتدەکاتەوە، کە پێشتر وەک باکگراوندێک بۆ روخساری ئادەمی دەکێشان. وێنەی تۆپەڵە رەنگی ئازارو ناخۆشی هەڵگیریشی دەکێشا. ئینجا پێشانگای دووەمیشی لەم شارە کردەوەو وەدەسهاتی فرۆشراوەکانی ئەم جارەشی بۆ منداڵانی چیکسلۆفاکیا نارد و وتی: «بەردەوام دەبم لەیارمەتیدانی هەموو ئەو منداڵانەی جیهان کە جەنگ بەرەو دواکەوتن و دابڕاندنی لە قوتابخانە بردوون».

دوای ئەم پێشانگایە حکوومەتی لەندەن بڕیاری دا کەوا پاسەپۆرتی ئینگلیزی بەکۆکۆشکاو خێزانەکەی ببەخشێت، تاکو گۆڕانکاری بەژیانیدابێت و بەم هۆیەوەش بتوانێ حەزە بەرزەکەی لەدوای نیگارکێشان کە گەڕانە بەدیبهێنێت. لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەشتێکی درێژدا لە لەندەن بەرەو پاریس و رۆماو ڤییەننا و جەزائیر و مەراکش و تونس و ئەمریکا و چەندان وڵاتانی دی چوو، بۆ ساڵی دواتر گەشتەکەی بە پێشانگایەک لە پاریس بەکۆتاهێنا، بەڵام هیچ پێشگیرییەکی لە رەخنەگرانی فەرەنسییەوە لێ نەکرا و هیچ تابلۆیەکیشی لەم شارە بۆ نەفرۆشا و گەڕاوە لەندەن.

لە کۆتایی چلەکان و سەرەتاکانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو ژیانی کۆکۆشکا شێوەیەکی دیکەی وەرگرت، ناوی زیاتر کەوتە بەرباس و لە ژیانیشیدا زۆر هیلاک بوو. ئەکادیمیای (دریزد) داوای لێکرد

وەک مامۆستایەکی شەرەف وانەی بۆ بلێتەوەو قوتابییەکانیش وەک گەشتێک بەرەو رووناکی لای (رامبرانت) بەرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی لەنێوان خەڵکی ئەم شارەدا نەبینی بۆیە بەپەلە کورسی وانەبێژی جێهێشت و لە ساڵی ١٩٥١ گەڕایەوە شاری ڤییەننا و لە وەرزی هاوینی ئەو ساڵەدا دەزگایەکی ئەکادیمی بۆ فێربوونی هونەری بینراو دامەزراندو، درێژەشی بەحەزی وانەبێژی داو دوای ئەوەی ماوەیەک لێبیدابرا. دواتر حکوومەتی نەمسا لە شاری هاتنە دنیای کۆکۆشکا پەیمانگایەکی بەناوی ئەو بۆ هونەری بینراو دامەزراندو، بەم کارەش خۆشییەکی زۆر بەکۆکۆشکا بەخشرا. لە ساڵی ١٩٦٠یشدا زانکۆی ئۆکسفۆرد ئەم بەختیارییەی ئەوی بەرزتر کرد کە هەم نازناوی (سێر)ی پێبەخشی و هەمیش پلەی مامۆستای شەرەفی پێدا، کۆکۆشکاش لە ئاهەنگی رێزلێنانەکەدا وتی: «ئاواتەخوازم هونەری ئەورووپی بەرەو دوورتر لە نێودەوڵەتی بڕوات» درێژەشی بە هەڵگرتنی کلتووری رۆشنبیری و شوێنەواری هزریدا بەیەکەوەگەیاندنی رەسەنایەتی بەهاوچەرخ لەپێناو داهاتوودا.

لەناوەڕاستی شەستەکانیشدا لە شاری ڤییەننا ئاهەنگێکی گەورە سازدراو تێیدا سێر کۆکۆشکا بەمیوانی شار دانرا، ئینجا بۆ جاری دووەم دکتۆرای فەخری لە ئەکادیمیای (سالاسبۆرگ) پێدراو، ئەویش لەم بۆنەیەدا وتی: «سەرم سوڕماوە ئەی چارەنووس.. کاتێک کە چاوەڕێی شتێکی جوانت لێ دەکرێت، بەپێچەوانە دێت، کە بەپێچەوانەش بۆت دەڕوانین هەم دیسان بەپێچەوانە دێتەوە.»

لە کاتی پێدانی ئەم پایەش لەتەک یەک لەسەرکردەکانی وڵات دانیشتبوو کە داواکارییەکی نامۆو سەرسوڕهێنەری لێکردو پێی گوت: «کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە سەر رەگەزنامە نەمساویە رەسەنەکەی خۆت و، ڕەوا نییە تۆ بێ ئەم رەگەزنامەیەبیت»، ئەویش لەوەڵامدا پێی گوت: «ئایا ئەمە داواکاری حکوومەتە یان داواکاری تایبەتی خۆت»، لە ئەنجامدا ئەو سەرکردەیە دڵنیای کرد کەوا ئارەزووی حکوومەت و تێکڕای دانیشتوانانە. ئینجا رازی بوو لە ساڵی ١٩٧٣ گەڕایەوە وڵات و لە ئاهەنگێکی گەورەدا رەگەزنامەی رەسەنی وەرگرتەوە.. و، ڕۆژەکانی داهاتووشی بەبەختیاری و بەرهەمی بەبرشتی بەسەر برد، هەرچەندە بەبەردەوامیش لەناویاندا ئارەزوو شوێنەواری برینەکانی رابردووی دەردەبڕی و چڕی و تۆپەڵیشی رەتدەکردەوە بەرەو نەزمی رەنگ دەیگۆڕین، هەرچی رووبەرەکانیشە ئەوانیشی بەپەڵەی رەنگی روونی و کەم درامی دەگۆڕی. لەگەڵ ئەمانەشدا کەچی چیرۆکی ژیانی پڕ لە دڵەڕاوکەو راوەدنیای فەرامۆش نەدەکرد، بەتایبەتی لەو کارانەی کە لەو ماوەیەدا بەرەو رەنگە سوورەکان و هاوسۆزیبوون بۆ گۆگان و کۆمەڵە رەنگییەکانی دەچوون. لە تابلۆی میونخیشدا هەموو چیرۆکی ژیانی خۆی بەرجەستە کردووە، کە بەندەری شار بەکەشتییەکانی دەوری پڕکراوە.. وا ئاسمانیش پڕە لە جووڵە هەروەک ئەوەی مرۆڤی هەڵگرتبێ و یەکێک لەوان هەوڵی نیشتنەوە بدات. هەستەکانیش بریتین لە ئاگرێکی بەگڕ و بەندەری وشک و شەپۆلەکانی دەریاش وەک هاوارکردن دژی چەوساندنەوەن. لە پەرتووکی کۆکۆشکا کە لە خانەیفبری فەرەنسا لە ساڵی ١٩٨٧ دەرچوو رووبەرێکی گەورە بۆ خستنەڕوو و باس لەسەرکردنی ئەم تابلۆیە تایبەتکراوە و تێیدا دۆخی یاخیبوون و دژواری کەوا کۆکۆشکا لە یەک ساتدا تێیدا دەژیا خراوەتەڕوو.

دوا وێستگە ساڵی ١٩٨٠یە کە تێیدا کۆتایی بەژیانی دێنێت و وڵاتی نەمساش وەک ماتەم نواندنێک چراکانی بەم بۆنەیەوە کوژاندەوە.

* دەبێ مەبەستی کارە هونەرییەکانی ئەمانەبێت، چونکە هەندێک لەمانە لەو بەروارەدا لە ژیان نەمابوون (وەرگێڕ).

**سەرچاوە**

**ئینتەرنێت سایتی**

www.altshkeely .com